# ئەوە وشەیەکی هەقە کە جنۆکەکان بە نهێنی گوێی لێدەگرن ودەیخەنە گوێی دۆستەکانیانەوە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کەسانێک پرسیاریان لە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- کرد سەبارەت بە جادووگەرەکان (کاهینەکان)، ئەویش فەرمووی: «هیچی وا نین کە حسێبیان بۆ بکرێت.»، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەوان جاری وا هەیە هەندێک قسە دەکەن ڕاست دەردەچێت؟ پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «ئەوە وشەیەکی هەقە کە جنۆکەکان بە نهێنی گوێی لێدەگرن ودەیخەنە گوێی دۆستەکانیانەوە ، وئەم جادووگەرانە سەد درۆ تێکەڵ بەو قسە بیستراوە دەکەن.»
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ئەوانەی باسی غەیب وڕووداوەکانی داهاتوو دەکەن، فەرمووی: پشتگوێیان بخەن وهیچی وانین، وقسەکانیان بەهەند وەرمەگرن، وگرنگیان پێمەدەن. ووتیان: هەندێک کات قسەکانیان بەپێی ڕاستی ڕووداوەکانە، وەکو ئەوەی دەڵێن لە فڵان مانگ ئاوا وئاوا دەبێت، وڕوودەدات بەو شێوەیەی ئەوان باسیان کرد. پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: جنۆکەکان قسەیەک دەدزن لە باسەکانی ئاسمانەکان، ودادەبەزن بۆ لای دۆستەکانیان لە کاهین وفاڵگرەوەکان ؛ وئەوەی بیستوویانە بۆیانی دەگێڕنەوە، پاشان کاهینەکە سەد درۆ زیاد دەکات بۆ ئەم باسە بیستراوە لە ئاسمانەکانەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8918

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee